# بەیادی فەقێ تەیران
# کامەیە یەکەم تێکستی نووسراوی کوردی؟

**بەرایی: لە مانگی حوزێراندا، لە ئامەد(دیاربەکر) و شاری وان و موکسی یادی فەقێ تەیران، شاعیری نەمری باکووری کوردستان دەکرێتەوە، کەساڵی ١٥٦٤ ز (هەندێ دەڵێن لە ١٥١٤ ز) لە شاری موکسی لەدایکبووە و لەوێ کۆچی دوایی کردووە.**

**شیعری فەقێ تەیران قۆناغێکی گرنگی شیعری کوردییە، مۆرك و ناوەڕۆکی گەشی نیشتمانی و سۆفیگەری و عیرفانی بەرز بە شیعرییەوە دیارە.**

**بەم بۆنەیەوە ئەم وتارەم بۆ کتێبێك ئامادەکردووە کە بە یادی فەقێ تەیران لە دیاربەکر دەردەچێت، بە سوودی دەبینم بیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی خۆشەویستی هەفتەنامە(گوڵان).**



**فەلەکەدین کاکەیی**

(١-٢)

شیعری فەقێ تەیران(١٥١٤-١٦٣١ ز) وەکو شاعیرە کلاسیکییە گەورەکانی کورد، چەندین پرسیار دەوروژێنێ:

- تێگەیشتنمان دەربارەی شیعر و فەلسەفە؟
- ڕیشەی مێژوویی زمان و ئەدەب و ئایینی کۆنی کورد؟
- چما زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکان عارف و سۆفی و ئیشراقین(ڕێبازی تیشکهاوێژ و درەوشانەوەن)؟
- ئایا کۆمەڵگای کوردەواری سروشتی تایبەتمەندی خۆی هەیە؟
- چۆن بووە، لە شیعری هەموویاندا هەستی نیشتمانپەروەری زەق و روون رەنگبداتەوە و، ئەو پەیامە دەسا و دەس بە ئێمەیان گەیاندووە؟ ئایا شیعریان لە پێناو دەربڕینی ئەو هەستەدا بەکارهێناوە؟ یا لە ژێر پاڵەپەستۆی ئەو هەستە دەروونییەدا بوون بە شاعیر؟
- پرسیاری دیکەش زۆرن کە نابڕێنەوە، چونکە بەلای منەوە، تا ئێستا بە قووڵی نەچووینەتە نێو جیهانی ئەو شاعیرانەوە، هەندێ جاریش بە ترس و دوودڵی و ڕاڕایی بابەتەکان شیدەکەینەوە.

وتارەکەم لە ژێر چەند پرسێکدا ڕێکدەخەم بەم شێوەی خوارەوە:

پرسی یەکەم:

دەبا لێرەدا رەخنەی سەرەکی لە عەقڵی خۆمان (واتە بیروڕامان و جیهانبینیمان) بگرم و بڵێم کە هێشتا مێشکمان داگیرکراوە. مەبەست لە مێشك عەقڵ و شێوەی بیرکردنەوە و بۆچوون و رامانە دەربارەی وجودی خۆمان و دەوروبەر.

لەوما، هێشتا بەتوندی مێشکمان شەتەك دراوە و، خۆمانیش بەدەستی ئەو واقیعە داوە و، هەوڵنادەین بە ئازادی بیربکەینەوە و بە ئازادی بۆ مەسەلەکان بچین، هێشتا سنووری رامان و بیرکردنەوەی خۆمان سنووردار کردووە، زۆریش بەر تەسك بۆی دەچین، و ناتوانین لەوە دوورتر بڕۆین، کەسەدان ساڵە بە گوێمانا دەخوێنن کە ئێمە هەندەین، نەتەوەیەکی بێ سەروسامانین، مێژوومان نییە، یا ئەگەر هەبێ کورت و لێڵە و تێکەڵاوی مێژووی خەڵکی دیکەیە.

هەر بۆیەش مێشکمان وەها بە داتا و بیر و بۆچوون و زانیاریی گەلانی دەوروبەرمان ئاخێنراوە و تەژی بووە، ئیتر جێگەی وەرگرتنی زانیاری و بیروبۆچوونی خۆماڵی نەماوە.

یەکەمین ئەنجامی پەروەردە و راهێنانی نێگەتیڤی دوور و درێژی دەوروبەرمان، لەمەڕ هەبوونی خۆمان، ئەوەیە کە بڕوامان بەخۆمان و رابردوو گەنجینەی کەونارای خۆمان نەماوە.

وەختێکیش مرۆڤێك، یا گەلێك، بڕوای بەخۆی نەمێنێ، ئیتر هەمیشە تەسلیمی بەرامبەرەکەی و تەسلیمی ئەو ژیانە دەبێ کە وێنەیان بۆکێشاوە.

کەواتە: گشت پرسیارەکان لە دەوری یەك دوو تەوەرەی بنەڕەتی کۆدەبنەوە، ئەویش پرسیاری هەمیشەیی هەر نەتەوە و کۆمەڵگایەکە و سەبارەت بە شوناسنامە، کە کێن و لە کوێوە هاتوون؟

سەری داوەکەش هەمیشە بۆ زمان و کەلەپووری فەلسەفی و ئەدەبی نەتەوەکە دەگەڕێتەوە، کەوابێ: یادی فەقێ تەیرانیش ئەمڕۆ، هەموو ئەو پرس و جۆیانە دێنێتەوە پێش.

پرسی دووەم: ئەز، بەم بۆنەیەوە، لە خاڵێکی دیکەوە دەچمە نێو بابەتەکە و دبێژم کە هەر کۆمەڵگایەك سروشتی خۆی هەیە، کە بریتییە لە کۆی خوو ڕەوشت و ئیدیۆم و شێوەی رامان لە ژیان و گەردوون، واتە:

سروشتی کۆمەڵگا جیاوازەکان بە کولتوور و هونەری خۆیەوە بەندە و، لەوێدا رەنگیداوەتەوە، سۆسیۆلۆجێکی گەورەی عێراقی بەناوی(د. عەلی وەردی)، کە مامۆستای زانکۆ و لیکۆڵەرێکی زانابوو، کتێبێکی دانا بەناوی(سروشتی کۆمەڵگای عێراقی) هەندێ خوێنەری کورد دەیانپرسی: چما دەربارەی

سروشـــتی کوردی لە کتێبەکەدا نـــەدواوە بەڵام نەیاندەزانی کە مەبەستی عەلی وەردی سروشتی کۆمەڵگای عەرەبـــی عێراقە، نەك کۆمەڵگای کورد، لە وەڵامێکدا گوتبووی ئەگەر وەختم هەبوو لە کۆمەڵگای کوردیش دەکۆڵمەوە، مەبەســـتی ئەوەبوو کە سروشتی کۆمەڵگای کورد جیاوازە لە سروشتی کۆمەڵگای عەرەب، لێ، پرسیارێکیش دەمێنێتەوە: کە ئەو (سروشتە) چییە؟

بە واتایەکی دیکـــە ئەگەر کۆمەڵگای کورد سروشـــتی تایبەتمەند و جیاوازی خۆی نەبا،ئایا دەیتوانی دوای زیاتر لە ســـێ هەزار ســـاڵ تا ڕادەیەکی روون و بەرچاو وەك خۆی بمێنێ؟

مەبەســـتمان لە کۆمەڵگای کورد ئەو توخم و شێوەزار و توێژانەی خەڵکە کە هەزار ساڵ لەسەرم ئەم خاك و ئاوەدا ژیاون، جا بەهەر کۆڵەمەرگێ بووبێت، لە دوا دواییدا ئێمەیان بەجێهشتووە، واتە: ئێمە ئێستا پاشماوە و خوڵقێنراوی گشت ئەو تیرە و کولتـــوور و خەڵکانەین کە لێرەدا ژیاون کاریان کـــردووە و کولتوور و شارســـتانییانە بە بەرهەم هێنـــاوە، جا چ هەندێ جار یا لە هەندێ جێگە، سەربەست بوونە، یا ژێر دەست و تەپەسەربوونە.

خوڵاســـە، ئێمـــەی پوختەی ژیـــان و کار و بەرهەمی نەوەکانی پێشـــووی سەر ئەم خاکەین، بـــەڵام هەمیشـــەش سروشـــتی کولتـــووری و شارســـتانیەتی خۆمان هەبوو، جیا لەوەی چەند پێشکەوتووە یا دواکەوتووە.

دەبێ خۆمان، وەکو هەین قبوڵیبکەین، ئەمجا لە خەڵکی تر داوابکەیـــن وەکو خۆمان قبوڵمان بکەن.

بەڵام دەشـــبێ هەمیشـــە بزانین کە سروشتی کۆمەڵایەتی خۆمان هەیە، ئەوەش بە مانای ئەوە نییە کە لە خەڵکانی دیکە باشـــترین یا خراپتر، زیاترین یا کەمتر، جوانترین یا ناشـــرینتر؟ ئێمە بەم شـــێوەیە هەین و . هیچی تر، نە بەرزتر، نە نەویتـــر.. خەڵکانی دیکەش بەو شـــێوە هەن کە خۆیان بیری لێدەکەنەوە.

گەلـــۆ! ئەگەر کۆمەڵگای کورد سروشـــتی خۆی نەبا ئـــەوە ڕەنگە بە ئاســـانی، بچووبایە سەر سروشتی نەتەوەکانی دەوربەری، بەڵام هەر خۆی، وەك خۆی مایەوە خۆ هەزاران ســـاڵە، لەم ناوچەیەدا، نەتەوەی فـــارس و نەتەوەی عەرەب و نەتـــەوەی تورك زاڵـــن هـــەر هەموویانیش، لەسەردەمی جیاجیادا، بەسەر کۆمەڵگای کوردا زاڵبوونـــە، بـــەڵام هەریەك بە سروشـــتی خۆی ماوەتەوە، نە ئەوانە بوونـــە بە کورد، نەش کورد بووە بە هیچ یەك لەوان، دیارە سروشـــتی کورد ڕێگەی نەداوە،لە ناو نەتەوەیەکی تردا بتوێتەوە.

راســـتە کە کورد کولتووری عـــەرەب فێربووە و وەریگرتـــووە، هەروەها لە کولتـــووری تورك، هەروەهاش لە کولتووری فارس، بەڵام کولتووری خۆی پاراستووە، ئەمڕۆ کە یادی فەقێ تەیران دەکەینەوە، دروست ئەو پرسیارەمان دێتە پێش:

- چما و چۆن یەکێك وەکو فەقێ تەیران، لەو سەردەمە ناخۆش و تاریکە(١) کە کورد لە زمان و کولتووری خۆی بێبەش بووە هاتووە بە زمانی کوردی شیعری داناوە، نەك بە عەرەبی یا تورکی یا فارسی، کە ڕەنگە بیتوانایا؟!

چۆن فەقێ تەیـــران توانیویێتـــی بە زمانی شـــیعر ئەویش بە کوردی لە فەلسەفەی ژیان و مێژوو بدوێ؟ چۆن سەرکەوت لە دانانی (شێخی ســـەنعان) کە هەم ڕێبازێکی ئیشـــراقییە، هەم فەلسەفەی یەکێتی ئایینەکانە؟

چۆنە زمانی کوردیی بۆ شـــیعرێکی بەرزی وەك( ئەی ئاف و ئاف ) بەکارببا کە شیعرێکی پرشنگداری ئیشـــراقییە و، لە یەکبوونی وجود دەکۆڵێتەوە؟ چۆن ئەو بیروڕامانە فەلســـەفییە قووڵانە بە شیعری کوردی هۆنیوەتەوە؟

پرسی چوارەم:

کەمایەسی گەورەی ڕێبازی لێکۆڵەرانی کورد لە بارەی فەقێ تەیران و شاعیرە کلاسیکییەکانی دیکـــە، ئەوەیە کـــە تەنیا لـــە رووی هونەریی شـــیعرییەوە تەماشـــایان دەکەن، نەك لە رووی ناوەڕۆکیشەوە کە: شـــیعر لەجەوهەردا حیکمەت و فەلسەفەیە، هەندێ لێکۆڵەری کورد، وەختێك دەڵێـــن مەلای جزیری فەیلەســـووفە بە گاڵتەوە وەریدەگرێـــت، چونکە لە جەوهەری سروشـــتی کۆمەڵایەتـــی نەتەوەکەی نـــاگات، کە ئەگەر خـــاوەن کولتوور و شارســـتانی خۆی نەبا، قەت وەك ئێستا نەدەما.

شـــیعر شـــێوەیەکی هونەریی دەربڕینە، بەڵام چی دەردەبڕێت؟ ئەوە لەسەر رامان و فەلسەفەی شاعیر دەمێنێتەوە.

ئەوە لە ئالییەك.

لە ئالییەکی دیکەوە لەو ســـەردەمانەدا شیعر گرنگترین شێوەی دەربڕین بووە، کە ئەزبەرکردنی ئاسان بووە، هەر بۆیەش هەڵگرتن و مانەوە، زیاتر بووە، لەو دەمەدا پەخشـــان پەیدا نەبووە، چاپ و بڵاوکردنەوەش نەبووە، بەڵکو بە(دەســـخەت) بڵاو دەکرایەوە، ئەوەی ئەمڕۆ بە پەخشـــان دەریدەبڕین و بە تازەترین تەکنەلۆژیا چاپ بڵاودەبنەوە، لەو سەردەمانەدا مومکین نەبووە، هەربۆیەش روویان کردۆتەوە هونەر و زمانی شیعر.

دەشبینین کە ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکیمان ئاوێتەی هزری نەتەوەیی و باوەڕی ئایینییە.

واتە: کەلەپـــووری مێژینەمان لە گەنجینەی شیعردا پارێزراوە مەبەســـتم لە شیعری کوردییە تا نیوەی دووەمی ســـەدەی بیستەم، کە دەتوانم بڵێـــم بە گۆران و جگەرخوێـــن و هێمن و هەژار کۆتایی پێدێت.

بە گەڕانەوە بۆ پرسیارەکان پێشەکی وتارەکەم دەربارەی شیعر و فەلسەفە دەڵێم :

کە شـــاعیرانی کورد لەســـەرەتاوە، تا نیوەی دووەمـــی ســـەدەی بیســـتەم هەموو مەســـەلە گرنگەکانـــی هزر و رامانی خۆیـــان بە زمانی شـــیعر دەربڕیوە، چ لە رووی فەلســـەفەو بڕواو ئایینەوە، یا کۆمەڵایەتی و نیشـــتمانپەروەری و سۆز و عاتیفە و جوانی سروشتەوە.

لێرەدا، لەوە زیاتری لەسەر ناڕۆم.

پرســـی پێنجەم: دەچمە سەر باسێکی دیکە کە هەڵەیەکی گـــەورەی زۆربەی توێژینەرانی کولتـــووری کوردە، ئەویش لـــە بارەی مێژووی دەرکەوتن سەرهەڵدانی شیعر و ئەدەبی کوردییە: دەمویست ئەم تەوەرە لە دەسپێکی گوتارەکەمدا بهێنمـــەوە، یا بیکـــەم بە تەوەری ســـەرەکی، هەربۆیەش، ڕێگـــەم بدەن، لێرەدا بچێك فراوانتر بدوێم و بە ڕاشکاوی ببێژم کە هەڵەی گەورەیان ئەوەیە بەســـەر دوو سێ هەزار ساڵی کولتوور و شارستانی کورددا باز دەدەن و تەنیا لە هەزارەی دووەمی زایینییەوە دەستپێدەکەن، وەك بڵێن نەوێرن، یا بڕواناکەن، باسی کۆنتر بکەن.

کەسانێك وەك عەلائەدین سوجادی (١٩٠٧-١٩٨٤)و د. عزالدین مســـتەفا ڕەسول د. مارف خەزنـــەدار و جەمال نەبەز و ســـدیق بۆرەکەیی نەبێ. ئیتر کەم کەس هەیە ڕەوڕەوەی کولتوور و شارستانیەتی کورد بۆ پێش ئیسلام بگەڕێنێتەوە، کە هەر ئەوەش حەقیقەتەکەیە، زمان و ئەدەب و کولتووری کوردی دوو ســـێ هەزار ساڵ بەر لە هاتنی ئایینی ئیســـلامە، کە قورئانی پیرۆزی بە زمانی عەرەبی هێناوە.

هەندێ توێـــژەر و رووناکبیری کورد ناوێرن بەرەو ئەو ئاقارە بڕۆن.

هەندێکیش بڕوایان نییە کە ئێمە خاوەنی ئەو مێژووە زەنگینە بین.

هەندێکیـــش دیارە بیروهۆشـــیان تووشـــی بەربەرســـتی ئەیدلۆژیـــا و کولتووری گەلانی دیکە بووە، واتە:

مێشکیان داگیرکراوە.

ئێمە کە دەڵێین ریشـــەی کولتووری کوردی بۆ پێش ئیســـلامیش ڤەدەگـــەڕێ، بە مانای کەمکردنـــەوە لە ئایینی ئیســـلام نییە، ئەوەتا نەتەوەی عەرەبیـــش ئەدەب و کولتووری خۆیان بۆ شـــیعر و دانانی زەمانی جاهلییەتی بەر لە پەیدابوونی ئیســـلام دەبەنەوە ناتوانین بە هیچ رووناکبیرێکی عەرەب بڵێین: دەس لە شـــیعر و ئەدەبی پێش ئیسلام هەڵبگرە!

هەروەها یۆنانییەکان بۆ نموونە، دەســـپێکی ئـــەدەب و کولتـــووری خۆیان لـــە پەیدابوونی کریســـتیانەوە دانەناوە(لە کاتێکدا ئێستا هەموو کریســـتیانن) بەڵکـــو ســـەرهەڵدانی ئەدەب و فەلسەفەی یۆنانستان بەدەستپێك دەزانن، کە بەر

لە لەدایکبوونی عیسا بووە.

هەروەهاش گەلانی چین و هیندستان و ژاپۆن و هەر گەلێکی تر، تەنیا رۆژێکیش لە دیرۆکی کولتووری خۆیان ناسرنەوە، چ بەر لە پەیدابوونی ئایینەکانیان بووبێ، یا دوای ئەوە.

لە لێکۆڵینەوەیەکی ژیان و شیعری فەقێ تەیراندا(بڕوانە: سەعید دێرشی، کەلێن ئاڤا( چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر 2005 ز) دەخوێنینەوە:

(فەقێ تەیران دەسپێکا تۆرەیا نڤیسکی یا کوردایە)..

ئەز خۆشحاڵ دەبووم ئەگەر وەهابا، یەکسەریش دبێژم:

فەقێ تەیران شاعیر و فەیلەسووفە، چێژ لە شیعر و ماناکانی وەردەگرم وەك هەر تۆرەڤانێکی دیکە، مەبەستم کەمکردنەوە لە ڕۆڵ و پێگەی فەقێ تەیران نییە، بەڵکو رەخنەم لە بۆچوونی توێژینەرە کە دەپرسێ، کێ دەسپێکە و کێ دەسپێك نییە.

فەقێ تەیران چ ئێکەمین شاعیر بێ، یا دوایین، هەر وەکو هزرڤانێك و چرایەکی گەشی کوردستان دەمێنێتەوە، چونکە لەسەردەمێکدا، مەسەلەگرنکەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی وروژاندووە، کە کەس نەیدەوێرا، یا نەیدەزانی، بەلایابچێت.

رەخنەم لەو جۆرە بیرکردنەوەی زۆربەی شیکەرەوەکانە کە خۆیان لەسەرچاوەی رەسەنی کولتوور و ئەدەب و شارستانی کورد دەشارنەوە، یا چاوی لێدەپۆشن، و پەراوێزی دەکەن.

کەواتە: کامەیان سەرچاوە و ئەسڵی دەسپێکا تۆرەیان نڤیسکی یا کوردایە)؟

خۆ ئەمساڵ ٢٠١٠ زایینی هەزارەی شاعیری گەورەی بابا تاهیری هەمەدانییە(٩٣٥ ز – ١٠١٠ ز، کە ئەگەر قبوڵیبکەین بابا تاهیر دەسپێکی ئەدەبی نووسراوی کورد بێ، ئەوە ئەمساڵ هەزارەی ئەدەبیاتی کوردییە، مامۆستا و زانایانی هێژا وەك د. عزالدین مستەفا د. مارف خەزنەدار و کەسانی دیکە شیعری بابا تاهیر، کە بە زاری لووڕی دایناوە، بەدەسپێکی ئەدەبی نووسراوی کوردی دەزانن، لە چەند ساڵی دواییشدا چەندین لێکۆڵینەوەی ورد لە بارەی وشە و زاراوەی شیعری بابا تاهیر و فەلسەفە و بۆچوونەکانی دەرچوونە، شیعری بابا بەزاری سۆرانی و کرمانجی سەروو و هەورامی داڕێژراوەتەوە، بەوەش دەرکەوتووە کە زمانی شیعریی بابا تاهیر بەشێکی رەسەن و جوانی زمانی کوردییە، کە تێکەڵاوی زاری کەلهوڕ و گۆران(هەورامی)یە.

وەلێ، ئەز دبێژم شیعری بابا تاهیریش دەسپێکی ئەدەب و کولتووری نووسراوی کورد نییە؟؟،چونکە لە چەند ساڵی دواییدا چەند دەستخەتی تازە دۆزرانەوە کە بۆ هەزار و سەد و تا هەزار و سێسەد پێش زایین دەگەڕێنەوە، شیعری عیرفانی سۆفیگەرین بە زاری گۆرانی کۆن نووسراون، لەوانەش دیوانێکی بالوولی دانا(بالوولی ماهی) کە دامەزرێنەرەوەی ڕێوڕەسمی ئایینی (یارستانە) کە لە ناوچەی لوڕستان سەریهەڵدایەوە، دبێژم دامەزرێنەرەوەی (نەك دامەزرێنەر) چونکە ئەم ئایینە هەر هەبووە و، لقێکی ئایینی زەردەشتییە، کە دوای هاتنی ئیسلام، بە نهێنی لە لوڕستان، لەسەر دەستی بالوولی دانا، دانرایەوە و، ئەمڕۆ ملیۆنەها کەس لە ئێران و عێراق پەیڕەوی دەکەن.

هێشتا بابەتی دەستخەتی بالوولی دانا و ئەوانی دی کە بە شوێنیا هاتوونە جێگەی دانووستاندنە واتە هێشتا قبووڵ نەکراوە کە دەسپێکی ئەدەبی نووسراوی کورد بۆ هەزار و سێسەد ساڵ دەگەڕێتەوە، نەك هەزار ساڵ (نەك بابا تاهیر).

خۆ گریمان ئەوانەیش قبووڵ نەکران، و هی بابا تاهیر و فەقێ تەیرانیش نەهاتنە قبوڵکردن، ئەوە بەڵگەنامەی زیندووتر و گرنگترمان بەدەستەوەیە کە دەسپێکی سەرچاوە رەسەنەکانی ئەدەبی نووسراوی کوردی بۆ زیاتر لە سێهەزار و پێنج سەد ساڵ دەگەڕێتەوە.

ئەویش پەڕاوی (ئاڤێستا)ی زەردەشتە، کە ئەگەر سەداسەد وەکو زمان و ئەدەبی کوردیی ئەمڕۆ نەبێ، ئەوە بەدڵنیاییەوە (بێگومان دوای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و رامان) دەڵێم: ریشەی زمان و ئەدەب و کولتووری ئەمڕۆمان لەسەرچاوەی (ئاڤێستا)وە ئاو دەخواتەوە.

جارێ، بە کوردانی ئیسلامگەرا دبێژم: مەترسن، ئەوە حەقیقەتە لە ئایینی ئیسلام کەمناکاتەوە شتێکی سروشتییە کە ئایین یا کولتوورێك زووتر هاتووە یا درەنگتر.

دووەمیش ئێمە هێشتا باسی دابونەریت و ئەرکەکانی ئایینی ناکەین، بەڵکو لە زمان و ئەدەب و دەکۆڵینەوە، هەروەکو تۆرەڤانانی عەرەبی موسڵمان بە شانازییەوە لە زمان و ئەدەبی عەرەبی سەردەمی جاهیلیەتی پێش ئیسلام دەکوڵنەوە.

کەواتە، بەلای منەوە، دەبێ(ئاڤێستا) بە دەسپێك بزانین، هەر نەتەوەیەکیش زمانی کۆنی ئایین و داستان و ئەفسانەکانی دەکاتە دەسپێك.

راستە کە(ئاڤێستا) تەنیا هی نەتەوەی کورد نییە، زمانەکەی دەقا و دەقی زمانی ئەمڕۆی کورد نییە، بەڵام بە دەستی ئێمە نییە کە چەند گەلێکین، گەلانی ئارییایی، لە یەك سەرچاوەدا هاوبەشین چونکە،(ئاڤێستا)کتێبی ئایینی کۆنی کورد و فارس و ئەفغان و ئەرمەن و بلووچ و گەلانی دیکەیە، لە ئەنجامدا کورد هاوبەشێکی گرنگی گەنجینەی ئاڤێستایە، دەمێنێتەوە سەر زمان و ئیدیۆم و فەلسەفەی جیهانبینی، لە چەندین لیکۆڵینەوەی وردا دەردەکەوێت کە زمانی ئاڤێستا و زمانی ئێستای کورد لە هەزاران وشە و دەربڕین و بۆچووندا وێك دەچن، هەندێ جاریش لە کوردیدا وەك خۆیان ماونەتەوە.

بێگومان وەك(د. محەمەد عوسمان هەورامی) لە فەرهەنگی (ئاریان فاچ) دا دەڵێت:

( دەبێ حیسابی جێگۆڕکێی دەنگەکان بکەین وەك(ب) بۆ(ف) یا(ز) بۆ(ژ)،(خ) بۆ (هـ) و پێچەوانە.

ئەم شیکردنەوەیە وەخت و حەوسەڵەی زیادی دەوێ، لێرەدا بە کورتی دەڵێم:

پێچەوانەی ئەوەش زەحمەتی زیادی ئەوێ، من لە بەراوردی چەندین فەرهەنگ و کتێبی کوردی و وەرگێڕانی ئاڤێستا بەو ئەنجامە گەیشتوومە.

دەزانن کە ئاڤێستا یەکێکە لە کۆنترین کتێبە نووسراوەکانی رۆژهەڵات بەر لە هاتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ ئێران و کوردستان، لەسەر هەزاران پێستی ئاسك بە زێڕ نووسرابۆوە، مێژوونووسە یۆنانییەکان شاهیدی ئەوەن کە دوو نوسخەی ئاڤێستا نووسرابوون، ئەسکەندەر ئەو نوسخەیەی کە لە کتێبخانە(دژ نەپشت)ی هەمەوانی بەدەسکەوتووە، سووتاندونی.

ئەوی دیکەی کە لە زێد ئاوای زەردەشت لە شیز / رۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ) بەدەستی کەوتووە، لەسەر راوێژکاری و ئامۆژگاریی زانا و فەیلەسووفە یۆنانییەکان، بۆ یۆنانستانی ناردوە، لەوێ وەرگێڕدرایە، سەر زمانی خۆیان، دەڵێن: زەردەشتیان دوای نزیکەی سێسەد ساڵ جارێکی تر ئاڤێستایان لە یۆنانی بۆ زمانی خۆیان(کە پالەوییە) وەرگێڕایەوە.

ئەوەی زانراوە ئاڤێستا بە زمانی میدییەکانی سەردەمی زەردەشت بووە، کە دواتر بە زمانی (پالەوی) ناسراوە.

شیعری بابا تاهیر هەمەدانی بەپێی لێکۆڵینەوەی کورد و فارس، لە زمانی پالەوییەوە نزیکە، ئەسڵەن زاری لوڕ و کەلهوڕ و گۆران(هەورامی) لە پالەوی دوێنێ و فارسی ئەمڕۆوە نزیکن، چ لەبەر کەشوهەوای جوگرافیایی یا کۆمەڵایەتی و ئابووری، جگە لە تێکەڵاوبوونی کولتووری.

بەهەرحاڵ، زمانی ئاڤێستا جوگرافیای ئەوەی کە پالەوییە، دەبێتە ریشەی کۆنی زمانەکانی ئەمڕۆی کورد و فارس و ئەفغانی و بلوچ و ئەرمەن و ئارییاییەکانی دیکە.